## 9

# نەخشەیەکی جوگرافیی کۆن لە (نوزی)یەوە*

لە شاری (گاسور) کە دواتر بە (نوزی) ناسرا، نەخشەیەك لەسەر لەوحێك دۆزراوەتەوە کە ناوی کێو و شارو ئاوی لەسەرە. ناسینەوەی ناوی ئەو شوێنانە پێویستی بە بەراوردییەکی جوگرافییە لەگەڵ ئەو ناوچەیەی دەوروبەری شارە کۆنەکە هەروەها بەراوردی لەگەڵ ناوە کۆنەکانو ناو نوێکانی شوێنەکان. ئەم هەوڵەشمان تەنها سەرەتاییەو بەراوردییەکە زۆرتر هەڵدەگرێت.



لە کۆتایی بیستەکانی سەدەی بیست بەدواوە پشکنینی شوێنەواریی سەرکەوتوو لە (یۆرغان تەپە)ی باشووری ڕۆژهەڵات کەرکووکدا بەئەنجام گەیەنراو ژمارەیەکی زۆری دەقی مێخی بەدەست شوێنەوارناسان کەوتن. بە هۆی ئەو دەقانەشەوە دەرکەوت ئەو وێرانەیە لە ناوەڕاستی هەزاری دووەمی پێش زایینیدا شارێکی خوریی نشین بووەو بە نوزی Nuzi (یان نوزا، نوزو) دەناسراو پێشتر لە هەزاری سێیەمی پێش زایندا گاسور Gasur ی پێ دەوترا[1]، ئەم نەخشە جوگرافییەش کە لێرەدا باسی دەکەین دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆنتری گاسور[2]. تەنها ڕووی ئەو لەوحەی نەخشەکەی لەسەر کراوە بەکارهاتووەو پشتەوەی لەوحەکە بە بۆشی جێهێڵراوە. نەخشەکە وێنەی دوو زنجیرە کێو (یان گرد) و دوو سێ ڕووبارو چەند شارێکی لەسەر کراوە، لا جوگرافییەکانیش (ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا،...)ی لەسەر نووسراوە.

**لە ناوەڕاستی نەخشەکەدا** بازنەیەك هەیە کە نووسینێکی لەناودایە[3]، هەر بازنەیەك کە لە نەخشەکەدا هاتووە شارێك پیشان دەدات وناوی شارەکە لە ناو بازنەکەدا نووسراوە.

**هەرناوەڕاست :** لە دەستە چەپی بازنەکەدا ئەم نووسینە هەیە:

10 بور 10 بور، 6 گان کەم، $MA_4 - A$

**10 BUR 10 BUR- 6(354) GAN (iku)**

واتە : [180+180−6(=354) گان (یاخود ئیکو)[1]ی زەویی چێندراو]. بەمەش بڕی سەرەوە دەکاتە شتێك لە 300 ئیکەر زیاتر[2].

---

*کاروان، ژمارە 63، ئادارو نیسانی 1988، ل 62-66.

[1] ناوی کەسەکان لەو کاتەدا، واتە کاتی (گاسور)، بەزۆری ئەکەدی بوون.

[2] بەڵام ناوی نوزیم لەناوونیشانی بابەتەکەدا بەکارهێنا . باسی نەخشەکەش لەم دوو سەرچاوەیەدا بڵاوکراوەتەوە:

1-Th.J. Meek,in ; BASOR, no,42, 1931, pp.7-10.
2- Th.J.Meek, in, HSS,10, 1935 (1st reprinting 1968).

یەکەم باس یەکسەر دوای دۆزینەوەی نەخشەکە نووسرابووەوەو (میك) سەرچاوەی وای لا نەبوو سوودیان لێ وەربگرێت تا باسێکی تەواو بۆ نەخشەکە تەرخان بکات. لەم باسەی خۆشمدا زیاتر پشتم بە سەرچاوەی دووەم بەستووەو لەو شوێنەی سوودم لە سەرچاوەی یەکەم وەرگرتووە ئاماژەم بۆ کردووە. باسەکەشم لە دوو سەرچاوەی سەرەوە بە دەستکارییەکی زۆر کەمەوە وەرگێڕاوە، ئەمەش جگە لە سەرچاوەی تر بۆ زانیاریی زیاتر. دەستکارییە گەورەکەش بەش کردنی باسەکەی بۆ (ناوەڕاست)و (ڕۆژهەڵات)...تاد بە پێویستیشم زانی پێشەکیو ئەنجام هەروەها ئەو زانیارییانەی لە پەراوێزەکاندا هاتوون بۆ وەرگێڕانەکان زیاد بکەم.

[3] هیچ کام لە دوو سەرچاوەی سەرەوەدا باسی ئەم نووسینەی نەکردووە.



ZAGROS WEBSITE



وێنەی دەستیی نەخشەکەی گاسور

لەو دەچێت نووسینی دەستە راستی بازنەکە قسەی پێشوو تەواو بکات: ša-at A-za-la واتە ((هی ئازالا)) [3]. ناشزانرێت ئەگەر ئەم ئازالایە ناوی شارە یان ناوی کەسێکە لەکاتێکدا ناوی شارەکان لە نەخشەکەدا، وەك وتمان، خراونەتە ناو بازنە.لە لای ڕاستی مەرکەزی نەخشەکە ناوی شارێك هەیە کە تەنها هێما یەکەمەکانی بە باشی دیارن ئەوانیش ...Bi-ni-za.

**ڕۆژئاوا** IM-MAR-TU: لە شارەکانی نەخشەکە تەنها یەکێکیان بە تەواوی ماوە ئەویش لە لای ڕۆژئاوادایە، ناویشی بەم جۆرەیە :ماشگان باد ئیبلا Maš-gán-bád-ib-la ، ئەوەش ئەگەر بە سومەری بیخوێنینەوە، یان ماشکان دوور ئیبلا Maš-kan-dûr-ib-la ئەگەر بە ئەکەدی بیخوێنینەوە. دەشکرێت ئەم ڕستەیە بە ((شوێنی قەڵای ئیبلا [4])) وەربگێڕدرێت [5].

دەقەکانی نوزی ناوی شارێکی تێدایە : Dûr-ubla [6]، هەروەها شارێکی تر هەیە لە دەقێکی سومەریدا کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی زنجیرەی بنەماڵەی سێیەمی (ئور) – 2112 تا 2004 پێش زاین – ئەویش دور– ئیبلا -Dur ib-la [7]. دەشتوانرێت بە لای کەمەوە ناوی یەکەم بە شاری نەخشەکەمان بزانرێت. ئەمەش دڵنیامان دەکات لەوەی نەخشەکە هی ناوچەیەکە نزیك گاسورە هەرچەندە لە یەك چوونی ناوەکان هەمیشە بەڵگە نییە چونکە زۆر ڕوویداوە دوو شاری جیاوازو دوور لە یەك هەمان ناویان هەبێت.

**ڕۆژهەڵات**: بەرامبەر لاکەی سەرەوە، لایەکی تر لەسەر نەخشەکە کراوە ئەویش ڕۆژهەڵاتە IM-KUR. دوای هێمای دووەم (واتە دوای هێمای کور) و دوای بۆشاییەك نووسینێکی تر هەیە کە بە با ba دەست پێ دەکات بەڵام هێماکانی تر شکاون.

لە سووچی دەستە چەپی ئەم لایەش شارێکی تر دەبینرێت کە لەوانەیە گوزیاد Gu-zi-ad بێت کە ناوێکی وەها لە دەقێکی تری نوزیدا هەیە [8]، بەڵام لەم نەخشەکەماندا تەنها هێمای ئاد ad بە ڕوونی ماوە.

---

[1] "گان" بە سومەری "ئیکو" بە ئەکەدی: یەکەیەکی ڕووپێوەو نزیکەی 3300 مەتر دووجایە.

[2] یاخود نزیکەی (1,2) کیلۆمەتری دووجا.

[3] لە BASOR دا (ئازالا) بە کێو زانراوە چونکە šat بە šad (کێو) خوێنرابووەوە. لە هەمان سەرچاوەشدا، لە باسەکەی (ئەلبرایت)دا ئازالا لەگەڵ کێوی (ئازاللا) یان (ئیزاللا)ی دەقە ئاشورییەکاندا بەراورد کراوە، ئەم کێوەش دەکەوتە باکووری شاری (حەڕڕان)، واتە ڕۆژهەڵاتی شاری (ئێبلا)ی سوریا : BASOR,p.9f. بەڵام وەك دواییتر باسی دەکەین نەخشەکە زیاتر پێدەچێت هی ناوچەی گاسور یان دەوروبەری بێت.

[4] ئەم ناوە نزیکە لە ناوی ئێبلا Ebla ی هەزاری سێیەمی سووریا بۆیە لە سەرەتادا بەو زانرابوو. هەبوونی ناوی (ئازالا)ش ببووە هۆی پتەوکردنی ئەم بڕوایە (بڕوانە سەرووتر).

[5] BASOR, p.9. ماشگان وەك بڕگەیەکی ناوی شوێن لە دەقەکانی (نوزی) دا زۆر دێت بەڵام وەك ناوێکی سەربەخۆ تێیاندا Ibid.

[6] âldu-ur-ub-la, âldu-ru-ub-la, âldûr-ub-la

بڕوانە: HSS, 10, p.xviii, n.42.

[7] Th.J. Meek, in, RA, 34, 1937, p.65.

ئەویش لە (گێلب)ەوە. لەو سەرچاوەیەدا وتراوە کە دەقەکە بڵاونەکراوەتەوە.

[8] دەقەکە لە: HSS,10, 36II6.

ZAGROS WEBSITE




**باکوور**: بە ناوەڕاستی نەخشەکەو لە باکوورەوە تا باشوور ڕووبارێك یان نۆکەندێکی ئاودێری بە ناوی ڕاخیوم (ڕاخیئوم) Ra-hi-um دەڕوات. ئەم ناوەش واتای ((بەرهەمدار))ـە. ئاوی ئەم ڕووبارە بە هۆی سێ جۆگەوە دەڕژێتە ناو بەشێکی گەورەتری ئاو (لە باکووردا)و هێڵی شکاوی لەناودا وێنەکراوە کە نیشانەی شەپۆلن.

ڕەنگە ناوی ئەو ئاوەی دواییان گورگی Gurgi بێت ئەویش چونکە هێمای یەکەم لەوانەیە (گور) بێت لەکاتێکدا هێمای دوایەمینی ناوەکە بە ڕوونی دیارە کە (گی)یە. بە درێژایی ئەو گورگییەش لاکێشەیەکی تەسکی بۆش هەیە کە بە هێڵێك لێی جیاکراوەتەوەو لەسەریدا نووسراوە IM-MIR واتە باکوور[1].

**باشوور**: بەشی باشووری نەخشەکە شکاوە بۆیە هیچ نووسینێك لەم لایەدا نییە. ئاوێکی تر هەیە لە ڕۆژئاواوە بۆ سووچی سەرەوەی دەستە ڕاستی نەخشەکە دەچێت[2] و نووسینێکی شکاوی لەسەرە. دوو هێمای دوایەمین بریتین لە ru-um، ئەوەی پێشیان da یان hu پێشتریش لەوە ڕەنگە im بێت. واتە لەوانەیە ناوەکە یان ئیمخوروم imhurum یان ئیمداروم imdarum بێت (بڕوانە خوارەوە بۆ ئەم ناوە).

لە کۆتاییشدا دوو زنجیرەی کێو (یان گرد)ەکە زۆر بە ڕوونی دیارن. یەکەمیان لە لای ڕۆژهەڵات، لە باکوورەوە بەرەو باشوور دەڕوات، دووەمیشیان بەرامبەرێتیو هەر لە باکوورەوە دەگاتە نزیك ناوەڕاستی نەخشەکە.

**ئە نجام :** لەوانەیە جۆگەی ئیمداروم (ئیمخوروم) بە یاخوروم iahurum بخوێنرێت، واتە یەکەم هێمای ناوەکە (کە تێکچووە) بە هێمای یا ia بزانرێت لە جیاتی ئیم im.

یاخورروم یان یاخرووروم Iahurrum ناوی Iahrurum خێڵێکی ئامورییە. یاخرووروم لە باشووری وڵاتی دوو ڕووباریشدا بینراوە؛ لە کاتی زنجیرەی یەکەمی بابلدا (چەند سەدەیەك دوای نەخشەکەمان) ناوی سیپپار – یاخرووروم دەبیستین[3]. (سیپپار)یش شارێکی باشووری عێراقە. دووریش نییە یاخورومی خۆمان ناوی یەکێك بێت لەو ناوچانەی کە ئەو خێڵە تێیدا نیشتەجێ ببوو.ناوی یاخورروم لە دەقێکی شاری (ماری) سووریادا – سەدەی 18 پ.ز – هەیەو کە بەم جۆرەیە:

« 2 هەزار توروکی
« 2 هەزار قابرایی
« هەزار یاخورروم »[4]

---

[1] لەبەر ئەوی ئەم بەشە سپییە تەنها لەم لایەدا هەیە، لەوە دەچێت دانەری نەخشەکە ویستبووی بەشە ئاوەکەی تەنیشتی (= گورگی) بە ناوچەیەکی بێ سنوور لە باکووریدا پیشان بدات : HSS, p.xviii

[2] یاخود: لە ڕۆژئاواوە بۆ باشووری ڕۆژهەڵات دەڕوات.

[3] Nomades , p.52.

[4] RA, 39, 1942-44, p.67.



ZAGROS WEBSITE

شارو وڵاتی قابرا **Qabra** دەکەوتە دەشتی هەولێر، توروککییەکانیش **Turukku** ، **Turukki**، لەو ڕۆژهەڵاتی ئەو دەشتەدا دەژیان و سەردەمی ئەم دەقەی سەرەوە چالاکییان لە دەشتی هەولێر و کەرکووکدا زۆر بوو، مەبەست سەردەمی شامشی ئادادی یەکەمی ئاشور (1813–1781 پ.ز) و دوای ئەویش.

بەم پێیە پێویستە وڵاتی یاخورروم لە ناوچەی دەوروبەری دیجلەدا بووبێت، واتە نزیك ئیمخوروم؟ (یان یاخوروم؟) ی نەخشەکەمان. لە دەقێکیشدا کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 24ـەمی حامورابیی بابل (کە لەماوەی نێوان 1792–1750پ.ز فەرمانڕەوایی کردووە) باس لە ((پیاوی ڕوباری دیجلە – یاخورروم)) یێك کراوە **awil nâr Idiqlat Ihrurum**[1].

دەستنیشانکردنی تەواوی ناوچەی نەخشەکە ئەوەندە ئاسان نییە، هەر مەبەستێکیوەهاش بە دەستنیشانکردنی شارو ڕوبارو زنجیرە کێوەکانەوە بەندە. لەبەر ئەوەش کە نە شوێنی شارەکان دەزانین و نە ناوی کێوەکان نووسراون، ناچار دەبین پشت بە ڕوبارەکان ببەستین کە ئەمە دیسان کارێکی ئاسان نییە.نەخشەکە بە هی ناوچەیەکی نزیك گاسور زانرابوو و روبارەکان بە زێی خواروو یان بە رادانو **Radânu** (=عـزێم) و دیجلە دانراون[2]، هەروەها بە ناوچەیەکی سووریا زانراوە(بڕوانە سەرووتر لەگەڵ موناقەشەی خوارەوەمان).

بۆچوونی یەکەم هەڵەیە چونکە دیجلە (ئەگەر گورگی بێت) لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا ناڕوات، ناشتوانین دیجلە بە غەیری گورگی دابنێین چونکە ئەم ئاوە لە روبارەکانی تر گەورەترە.

ئەگەر ئەم رایە پشتگوێ بخەین ئاوەکان (بەم جۆرەش ناوچەکە خۆی) لە ناو ئەمانەی خوارەوە هەڵدەبژێرین:

1–(گورگی) زێی خواروو بێت و (راخیوم) نۆکەندێکی ئاودێری بێت. ئەمەش گونجاوترە بۆ لا جوگرافییەکان لەبەر ئەوەی ڕێڕەوی گورگی هاوشێوەی ڕێڕەوی زێیە کە لە ڕۆژهەڵاتی باکوورەوە بەرەو ڕۆژئاوای باشوورەوەیەو گۆشەکەی ئەو گەوەرەیە نییە بۆیە لەو سەردەمانەدا کە ئامێری وردی ئەندازیاری نەبوو دوور نییە ڕێڕەوەکەی بە ڕۆژهەڵات – ڕۆژئاوا زانربووبێت (بە لای کەمەوە بۆ ئەو سەردەمە و بۆ خاوەنی نەخشەکە). ئەگەر ئەمە ڕاست بێت کەواتە دوور نییە ئاوی ئیمخورروم؟ (یاخوروم؟) بەشی ئەو ناوچەیەی نەدەکرد – چونکە لە گردە وشکەکانی باکووری کەرکووکەوە هەڵدەقولاّ واتە هەمیشەیی نەبوو – بۆیە ئاوی راخیومی بۆ راکێشرابوو.ناوچەکە بەم پێیە کەوتۆتە نێوان زێو کەرکووك، ڕێك لە باکووری ئەو شارەدا.

2–دەشتوانین گورگی بە ئاوی (خاسە) بزانین، ئەو کاتەش راخیوم دەبێتە نۆکەندێك کە لەوەوە وەرگیراوە، واتە ناوچەکە کەوتۆتە باشووری کەرکووك.

3– ڕای سێیەم لەو دوانەی سەرەوە جیاوازترە. لەوانەیە گورگی دەریایەکی خەیاڵی لە باکووردا و سەرچاوەی دیجلە بێت، راخیومیش دیجلە بێت (مەبەستمان ئەوەیە راخیوم ناوێکی ناوچەیی بۆ دیجلە بێت ئەگینا ئەمە ناوی دیجلە نەبوو)، دوو لقەکەش زێی سەروو و زێی خواروون، ئیمخوروم(؟)یش فوراتە و لە کێوەکانی سووریاوە هاتووە. لە نەخشەکەدا دوو روبارەکە بەیەك دەگەن بەڵام لەو سەردەمانەدا دیجلە و فورات بەجیا دەڕژانە ناو کەنداو و بەیەك نەدەگەشتن. لێرەشدا شوێنی شاری ئێبلا ڕاستە بەڵام وەك وتمان لە ناوچەی گاسوردا شاری دوور–ئیبلا هەبووە بۆیە وەك چۆن لەم تاکە ڕووەوە ڕاستە نەخشەکە بەو شێوەیە فراوان بێت کە سووریا بگرێتەوە هەروەها راستیشە کە نەخشەیەکی ناوچەییەو بەو فراوانییە نییەو بۆ بڕیار لەسەر هەر کامیان پێویست بە بەڵگەی تر دەکات.

---

[1] **Nomades, p.53.**

شایەنی تێبینییە لە دەوروبەری کووفە لە عیراقدا گوندی حەرەورا (حَرَوراء) هەبووە کە ناوەکەی لە یاخورروم نزیکە (دەکرێت لەفزی تەواوی یاخورروم یەحرورروم بێت).

[2] بڕوانە **HSS, p.xviii**.